# هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ ڕوانگەی هاوسەنگی هێزی لە نێوان یەکێتی و پارتیدا لە بنچینەوە هەڵتەکاند و گۆڕی

دیمانەی پێگەی ***چاوی گەل*** لەگەڵ بورهان یاسین لە
٢٠١٣/٥/٢٩ کە لە لایەن (جیهاد موحەممەد)ەوە سازدراوە

**چاوی گەل:** بە وتە و لێدوانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەستوری کوردستان هیچی نەماوە و تەواوە و تەنیا ڕاپرسیی ماوە. ئەم حیزبە دڵێت: "بۆ ئامادەکردنی ئەو پرۆژەیە کەڵك لە دەستوری 40 وڵات وەرگیراوە و، حەوت ساڵی خایاندووە هەتا ئامادە کراوە و ڕا و بۆچوونی پسپۆڕانی بیانی و نێوخۆیی وەرگیراوە و بەر لەوەی لە پەرلەمان دەنگی پێ بدرێت 5000 پێشنیاریان لە لایەن چین و توێژەکانی کۆمەڵگە پێگەیشتووە، پاشان لە پەرلەمانی کوردستان بە دەنگی 96 ئەندام بڕیار درا بدرێتە ریفراندۆم و بە یاسایەك ڕەوانەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کرا". هەروەها 900 هەزار دانە لەو پرۆژەیە چاپ کراوە و لەڕێی بریکارەکانی خۆراکەوە بۆ هەموو خانەوادەیەك نێردراوە. دەستور هەموو قۆناغەکانی بڕیوە و پێویستە ڕاپرسیی خەڵکی کوردستانی لەسەر بکەرێت و تێپەڕێنرێت.

کۆدەنگییەکیش لە نێوان هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسوێن و دەرەوەی ئۆپۆزسوێن و بەشێك لە سەرکردایەتی یەکێتی و زرۆێك لە ڕۆشنبیران و خەڵکی گشتی و چاودێرانی سیاسیی، پێیانوایە کە دەستور ناتەواوە و پێویستە بگەڕێنرێتەوە ناو پەرلەمان بۆ هەموارکردنەوە، بە تایبەتی هەموارکردنەوەی هەندێك پرسی نیشتیمانی وەك دیاریکردنی سنوری کوردستان کە لە دەستوردا خراوەتە ژێر ڕەحمەتی ماددەی ١٤٠ دەستوریی عێراقییەوە و، هەموارکردنەوەی دەسەڵاتیی سەرۆکی هەرێم بە جۆرێك کە ئەو دەسەڵاتانە کەمکرێتەوە تا ئەو ئاستەی کە سەرۆکی هەرێم لە ژێر دەسەڵاتی پەرلەماندا بێت نەك بە پێچەوانەوە وەك لە دەستوردا هاتووە، دیسان هەموارکردنەوەی هەندێك ماددە و بڕگەی تری ناو دەستور.

لەم کێشمەکێشمەدا بەڕێزت چیی دەڵێییت و، چ خوێندنەوەیەکت هەیە تکایە وەك کەسێکی بێلایەن و ڕۆشنبیرێك ڕوونیکەرەوە؟ کام لەم دوو لایەنە لەسەر حەقە و چۆن؟ کامییان دیموکراتییانەترە؟ ڕای کامییان زیاتر لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستانە بە گشتی؟

**بورهان یاسین:** من باوەڕم وایە مەسەلەکە بەم شێوەیە (رەش یان سپییە) نیە، بەو مانایەی ئایا دەسەلاَت راست دەکات یا ئۆپۆزیسیۆن. لە راستیدا کێشمەکێشمو ناڕازیبوون دەربارەی دەستور شتێکی نویٚ نیە بەڵکو هەر لە سەرەتاشەوە بۆچوونی جودا هەبوو دەربارەی ئەم بابەتە گرنگ و هەستیارە. وە ئەو دەنگانەی کە لە رۆژانی دواییدا دەرکەوتون، بە پەیوەندی لەگەڵ باسوخواسی دەستور، ئەوە دەردەخەن کە هەر لە سەرەتاوە نارەزایی هەبووە وە یەکێك لەو شارەزایانەی کە لەسەرەتاوە بەشداریەکی بەرچاوی هەبوو لە نوسینەوەی دەستوردا (مەبەست د. نوری تاڵەبانی)یە لە قۆناغێکی هەستیاری پرۆسەی نووسینەوەی دەستوردا دەستی لەو پرۆسەیە کێشاوەتەوە. جگە لەوەش لە رۆژانی دواییدا هەندیٚ زانیاری گرنگ ئاشکرا بوون وەکو ئەوەی کاتی خۆی یەکێتی بە زۆرەملیٚ ئەو رەشنووسی دەستورەی قەبووڵکردبیٚ. شتێکی تر کە زۆر گرنگە ئەوەیە کە لە کاتی پەسەندکردنی رەشنووسی دەستور کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتوی ئیسلامی بەشێك بوون لە پەرلەمان وە دەنگیان دا بە رەشنووسەکە، بەلاَم ئەمرۆ ئەم دوو هێزە شانبەشانی بزاڤی گۆڕان بە شێوەیەکی رەسمی داوای گەڕاندنەوەی ئەو رەشنووسە دەکەن بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەم دامەزراوەیە سەرلەنویٚ هەمواری بکاتەوە. ئەم خالاَنە تەنها بەشێکن لە پێکهاتەیەکی زۆر لە بەهانە کە باسوخواسەکان لە رەش یا سپی دەردەکەن وە دەیان بەن بۆ ئاستێکی ئاڵۆزتر.

لە لایەکی ترەوە دەتوانین بڵێین چەند شتێکی نویٚ هەن کە زیاتر گوزارش لە گۆڕانکاری لە روانگەی سیاسی و خەملاَنی هاوسەنگیەکی نوێی هێز لە باشووری کوردستان دەکەن وە ئەم گۆڕانکارییانەش دەرهاوێشتە و کاریگەرییان بووە لە سەر بۆچوون و هەڵوێستەکان لەمەڕ مەسەلەی دەستور. بە باوەڕی خۆم سیٚ شت بە تایبەتی لەم بارەیەوە گرنگن کە مرۆڤ جختیان لەسەر بکاتەوە کە راستەوخۆ کاریگەرییان هەبووە لەسەر هەڵوێستە لە مەسەلەی دەستور: ١) دەرکەوتنی ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا و بەهێز لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩دا بە تایبەتی بزاڤی گۆڕان، کە هەر لە سەرەتاوە بۆچوونێکی جیاوازی هەبووە لە هی دەسەلاَت لە مەڕ دەستور، رۆڵێکی ناوەندی و بەرچاوتری بینیوە لەم بارەیەوە. دەبیٚ ئەوەش بە جختکردنەوە بگوتریٚ کە مەسەلەی گۆڕینی سیستەم لە سەرۆکایەتییەوە بۆ پەرلەمانی یەکێك بووە لە رەهەندە هەرە گرنگەکانی هەڵوێستەی ئۆپۆزیسیۆن، بە تایبەتی هی گۆڕان، دەربارەی دەستور؛ ٢) نزیکبوونەوەی سەرۆکی هەرێم لە

**هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ روانگەی هاوسەنگی هێزی لە نێوان یەکێتی و پارتیدا لە بنچینەوە هەڵتەکاند و گۆڕی.**

کۆتایی خولی دووەمی فەرمانڕەوایی خۆی لە سەرۆکایەتی هەرێمدا وە نەبوونی دەرفەت نە بە پێی یاسای سەرۆکایەتی وە نەش بە پێی ڕەشنووسی دەستور. بە مانایەکی تر وە وەك دەرهاوێشتە، نەبوونی دەرفەت بۆ خۆکاندیدکردنەوەی بۆ خولی سێیەم، تەنها لە یەك حاڵەتدا نەبێت ئەویش قەبووڵکردنی (تۆ بڵێ تێپەڕاندنی) دەستورە لە راپرسییەکی گشتیدا بەر لە هەڵبژاردنەکان، لە راستیدا هەتتا بگرە بەر لە کۆتاییهاتنی وادەی خۆ کاندیدکردن و ناونووسکردنی قەوارە سیاسییەکان؛ ٣) هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ ڕوانگەی هاوسەنگی هێزی لە نێوان یەکێتی و پارتیدا لە بنچینەوە هەڵتەکاند و گۆڕی. هەرچەندە ئەم گۆڕانکارییە لە شەو و ڕۆژێکدا دەرنەکەوت وە ماوەیەکی درێژتری پێویست بوو بۆ ئەوەی خۆی دەربڕێ لە شێوەی جودا جودادا، بە تایبەتی سەرلەنوێ خەملاندنەوەی "هاوپەیمانی سیتراتیژی." بەڵام دواجار ئەم گۆڕانکاریە لە هاوسەنگی هێزدا هۆکارێکی زۆر گرنگ بوو بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی نوێ پەیوەندیە درێژخایەنەکانی نێوان یەکێتی و پارتی بخەملێنەوە. ئەوەی لەم بارەیەوە گرنگە ئەوەیە کە لە ڕێگەی (ڕێککەوتنی دەباشان)ەوە، لە نێوان نەوشیروان مستەفا و جەلال تاڵەبانی، یەکێتی هەڵوێستێکی هەرە گرنگی خۆی دیارکرد کە نەك هەر نزیك بوو لەگەڵ هەڵوێستی بزاڤی گۆڕان، بەڵکو بە توندی یەکانگیریش بوو لەگەڵی، کە ئەویش گۆڕینی سیستەمی سەرۆکایەتییە بۆ سیستەمی پەرلەمانی. لە راستیدا دەرهاوێشتەیەکی زۆر گرنگی ئەم ڕێککەوتنە (واتە ڕێکەوتنی دەباشان) لە حاڵەتی پابەندبوون پێیەوە و جێبەجێکردنی، یانی بە ڕاشکاوی سەرلەنوێ هەموارکردنەوەی دەستور لە ڕێگەی گەڕاندنەوەی بۆ پەرلەمان. بە تایبەتی دوای دوورکەوتنەوەی جەلال تاڵەبانی لە مەیدانی سیاسی، ڕۆژ دوای ڕۆژ یەکێتی لە بۆچوونی ئۆپۆزیسیۆن نزیکتر بۆتەوە، تا بگرە دواجار ئەمڕۆ هەڵوێستی یەکێتی زۆر لە ئۆپۆزیسیۆن نزیکترە تا لە هی پارتی. ئەگەرچی بە تێبینیەکی گرنگەوە، ئەم نزیکبوونەوەیە بۆ یەکێتی بێ کێشە نەبووە وە لە داهاتووشدا بێ کێشە نابێ؛ ٤) یەکێك لە دەرهاوێشتەکانی بزاڤی شەقام ئەوە بوو کە خودی دەسەڵات ڕازی بوو بەوەی کە دەستور لە ڕێگەی پەرلەمانەوە هەموار بکرێتەوە، بەڵام کە دواتر دەسەڵات لە بڕیارەکەی پاشگەز دەبێتەوە ئەوە شتێکی ترە.

**ئەو دەستورەی کە هێشتان بە تەواوەتی قەبووڵ نەکراوە. کەچی ئەو هەموو دەسەڵاتەی داوە بە سەرۆکی هەرێم. ئایا گەر ئەو دەستورە بە تەواوەتی وە وەک خۆی هەموار کرا بەم شێوەیەی کە هەیە ئەو کاتە چی ڕوو دەدات؟**

لێرەدا، جگە لەو تێبینیانەی کە ئاماژەیان پێکرا، گرنگە ئەوە جختبکەینەوە کە دەستور لە هەوا و کەشێکدا تێپەڕێندرا کە لە راستیدا پەرلەمان کاتی بەسەردا چووبوو وە کوردستان لە هەڵبژاردنێکی تر (واتە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩) نزیکدەبوویەوە.

بە رای خۆم گرنگ نیە سوود لە ئەزموونی چەند دەوڵەوت وەرگیرابێ و چەند تێبینی نوسرابێ یا خوێندرابێتەوە، بەڵکو گرنگ چەند شتێکی ترە: ١) کامن ئەو ئەزموونانەی کە سوودیان لێوەرگیراوە؛ ٢) زۆر جار دەستورەکان جوان دەردەکەون بەڵام لە جێبەجێکردندا شتێکی ترن؛ ٣) دەکرێ دەستور لە رێگەی چەند ماددەیەکییەوە خاڵیبکرێتەوە لە سروشتە دیموکراتییەکەی؛ ٤) جێگەی تێگەیشتنە گەر هەمو لایەنێك بە مەترسی و نیگەرانی زۆرەوە لە دەستورێك بڕوانن کە (کەم یا زۆر) یەك لەسەر چواری مادەکانی دەربارەی کۆمەڵێك دەسەڵاتی زۆر بەهێزی سەرۆك بێ؛ ٥) لە راستیدا لە ماوەی فەرمانڕەوایی سەرۆکی هەرێمدا کۆمەڵێك شتی ترسناك روویانداوە کە هێمای بەرهەمهێنانی سیستەمێکی ستەمکاری کوردییان لێ کەوتۆتەوە. یەکێ لە هەنگاوە هەرە ترسناکەکان، لە ژێر سێبەری ئەو دەستورە (کە هێشتان رەشنووسیشە) یاسای ئاسایشی نیشتمانی بوو کە دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی لێکەوتەوە، کە دواجار سەرۆکی هەرێم بە یارمەتی هەمان ئەو رەشنووسە کوڕەکەی خۆی کرد بە سەرۆکی ئەو دەزگایە گرنگ و پڕ دەسەڵاتە. لە خوێندنەوەیەکی وردی ئەو یاسایە ئەوە دەردەکەوێ کە کۆمەڵێك دەسەڵات دراوە بەم دەزگایە کە لە سیستەمە دیموکراسیەکان نەك هەر بەرچاو ناکەون بەڵکو لەو وڵاتانەش بەرچاوناکەون کە هەندێ هەنگاویان لە ئاراستەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگاکانیان بڕیوە وە هێشتان نیمچە دیموکراسین. دیوێکی تری ئەم ئاماژەیەم ئەوەیە کە ئەو دەستورەی کە هێشتان بە تەواوەتی قەبووڵ نەکراوە، کەچی ئەو هەموو دەسەڵاتەی داوە بە سەرۆکی هەرێم، ئایا گەر ئەو دەستورە بە تەواوەتی وە وەك خۆی هەموار کرا بەم شێوەیەی کە هەیە ئەو کاتە چی روو دەدات؟ لە راستیدا ئەم گومان و مەترسیانە بەهانە و پشتگیری گرنگن بۆ داواکاری گەڕاندنەوەی رەشنووسی دەستور بۆ پەرلەمان.

**چاوی گەل: بەڕای بەرێزتان ئەگەر دەستور بخرێتە بەردەم ڕاپرسییەوە ڕێژەی دەنگدانی یاسایی خۆی دەهێنێت؟ ئەگەر ئەو ڕێژەیەیی هێنا ئەوە دەبێت بە شکست بۆ ئۆپۆزسوێن و، سەرکەوتن بۆ پارتی لە هەڵبژاردنەکاندا؟ ئەگەر ئەو شکست و سەرکەوتنە لە لایەن پارتیی و ئۆپۆزسوێنەوە خوێندنەوەی بۆ کراوە و وا وەرگیراوە! کەواتە ڕاپرسی لەسەر دەستور لەم کاتەدا جۆرێکە لە بانگهێشتیی هەڵبژاردنەکان؟**

ئەگەر وایە؟ ئەمە بە سیاسییکردنی دەستور نییە کە بە دایکی هەموو یاساکان دادەنرێت؟

**بورهان یاسین:** جارێ سەرەتا من باوەڕم وایە کە خستنە راپرسی دەستور لەم قۆناغەدا هەڵەیەکی هەرە گەورەیە کە پارتی بیکات. پارتی هەر لە سەرەتای مانگی نیسانەوە کۆمەڵێك هەنگاوی هەڵەی هاوێشتن کە هەمووشیان لە پێناو دانەوەی دەرفەتە بە سەرۆکی هەرێم کە بۆ خولی سێیەم لە دەسەڵاتەکەی بمێنێتەوە. بەڵام باشترە هەر ئێستا پارتی ئەوە بزانێ کە سەرکێشی کردنی لەوەی کە رەشنووسی دەستور بخاتە راپرسییەوە بە ئەگەری زۆر هەڵەکانی بە لوتکەیەکی هەرە ترسناك دەگەیێنێ کە نە لە خزمەتی ئەزموونی باشووری کوردستان دەبێ وە نەش لە خزمەتی پارتی خۆی. دەڵێم پارتی چونکە ئەو حزبە تا رادەیەکی زۆر بە تەنیا ماوەتەوە لە پێداگری لە مەسەلەی نەگەڕاندنەوەی رەشنووسی دەستور بۆ پەرلەمان وە جختکردنەوەی کە بە هەر بەها و نرخێك بێت بخرێتە راپرسیەوە. بە هەر حاڵ، ئەمڕۆ دوای ئەو هەموو گفتوگۆیانە و پێداگری پارتی لەسەر راپرسی دەربارەی دەستور رۆژ بە رۆژ لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان وە بە تایبەتیش کاتێك بۆ خودی پارتی ئەوە ساغبوویەوە کە سەرۆکەکەی ناتوانێ خۆی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم هەڵبژێرێ، ئەم هەوڵانە، ئەگەر چی هەڵەن وە بە ئەگەری زۆر سەر لە هەڵەو کاریسەیەکی سیاسیش دەدەن، دەها چڕبوونەتەوە.

| |
|---|
| **پارتی هەڵەیەکی گەورە دەکات ئەگەر بەردەوام گوتار و هەڵوێستە سیاسییەکانی بە پێی پێوەر و روانگەکانی سەرەتاکانی ١٩٩٠اکان بخەملێنێ. بەم مانایەش مانەوەی پارتی لە زەمەنێکی تردا کە خودی روانگەو هاوسەنگی هێزی ئەو زەمەنە بوو. کە کاتی بەسەردا چووە. کێشەی هەرە گەورەی پارتییە.** |

رێك لەم سات و کاتە هەستیارەدا یەکلابوونەوە و پێداگری یەکێتی لەسەر گەڕاندنەوەی دەستور بۆ پەرلەمان گرنگیەکی تایبەتی هەیە. لەم حاڵەتەدا پێداگری پارتی لەسەر ئەوەی کە بە بێ پشتگیری یەکێتی رەشنووسی دەستور بخاتە راپرسیەوە بە ئەگەری زۆر بە کاریسەیەکی سیاسی بێ هاوتا بۆ پارتی و سەرۆکەکەی تەواو دەبێ. لە حاڵەتێکی تردا ئەگەر بە فەرز لە راپرسیەکەدا رەشنووسەکە قەبووڵکرا ئەوا لەو حاڵەتەدا ئەزموونی کورد لە باشوور و خەڵکی کوردستان زەرەرمەندی هەرە سەرەکی دەبن، چونکە لە باشترین حاڵەتدا رەشنووسی دەستور، هەتتا بگرە لە حاڵەتی سەرکەوتنی لە راپرسیدا، ئەوا ئەو سەرکەوتنە بە ئەگەری زۆر کۆمەڵگای کوردی بە توندی دوولەت دەکات بۆ دوو بەشی دژبەر وە جگە لەوەش دەرفەت دەدات بە سەرۆکی هەرێم کە خۆی

کاندیدبکاتەوە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم کە ئەوەش بێ هیچ گومانێك هەنگاوێکی ترسناکە لە بەرجەستەکردنی ستەمکاری و بگرە دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی کوردی؛ دەسەڵاتێك کە زیاتر لە مەشیەخەکانی ناوچەی کەنداو دەچێ تا لە دەسەڵاستێکی دیمۆکراسی.

لە لایەکی ترەوە بە خوێندنەوەی خۆم پارتی باش لە مەترسیەکانی تاکرەوی لەو مەسەلە هەستیارەدا گەیشتووە، هەرچەندە بە ئاشکرا ئەو مەترسیانە دەرنابڕێ. جگە لەوە ئەوەی کە ئەمرۆ رۆڵێکی گرنگ لە تەنگژەکانی باشووری کوردستان دەبینێ وە بە تایبەتی لە بابەتی دەستوردا ئەوەیە کە پارتی لە وەهمی گەورەیی و بەهێزییێکدا دەژییێت کە لە راستیدا دەمێکە بنەماکانی لەدەست داوە لە روانگەی سیاسی کوردستاندا بە تایبەتی لە گۆشەبینینی هاوسەنگی هێزەوە. پارتی هەڵەیەکی گەورە دەکات ئەگەر بەردەوام گوتار و هەڵوێستە سیاسییەکانی بە پێی پێوەر و روانگەکانی سەرەتاکانی ١٩٩٠کان بخەملێنێ. بەم مانایەش مانەوەی پارتی لە زەمەنێکی تردا کە خودی روانگەو هاوسەنگی هێزی ئەو زەمەنە بوو، کە کاتی بەسەردا چووە، کێشەی هەرە گەورەی پارتییە وە بە ئەگەری زۆریش قەتیسبوونی پارتی لەو بازنەیەدا و نەتوانستی لە بینینی مەرج و روانگە تازەکانی سیاسەت و سیاسەتکردن دەبێ بە سەرچاوەی شکستە سیاسییەکانی داهاتووی پارتی. لە لایەکی ترەوە گرنگە ئۆپۆزیسیۆن لە خوێندنەوەیدا بۆ روانگەی سیاسی و هاوسەنگییەکان ئەوە بە جوانی ببینێ کە توانا و پەراوێزەکانی کاریگەری سیاسی پارتی زۆر سنووردار بووە. گرنگە ئەوەش جختبکرێتەوە کە چیتر تواناکانی پارتی ئەو رەهایە نین کە تا چەند ساڵێکی کەمیش پێش ئەمرۆ راستیەکی مەیدانی سیاسی کوردستان بوون...

بە هەر حاڵ جێگەی سەرسوڕمان و بگرە مەترسیەکی زۆریشە کە ئەمرۆ پارتی بە بەبێ پەناو پێچ وە بگرە بە شانازیشەوە (دواجار لەسەر زاری قسەکەری رەسمیان جەعفەر ئێمینکی) باس لەوە دەکات کە رەشنووسی دەستور هەرنەبێ پەنجاو یەك لە سەدی (٥١%) دەنگی خەڵکی کوردستان بەدەست دەهێنێ! لێرەدا گرنگە بەراوردێکی بە پەلە بکەین لە نێوان هەڵسوکەوتی پارتی لە لایەك وە هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانی تورکیا لە مەڕ مەسەلەی هەموارکردنەوەی دەستور لە هەردوو حاڵەتی باشووری کوردستان و تورکیا. لە کاتێکدا دانیشتوانی کورد لە باکوری کوردستان بە ژمارە زۆر کەمترن بە بەراورد لەگەڵ دانیشوانی تەواوی تورکیا وە لەگەڵ ئەو راستیەشی کە کوردان خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی نین وە تەنانەت لە رێگای پارتی ئاشتی و دیمۆکراتی (بدپ) تەنها ٦%ی ئەندامانی پەرلەمانی تورکیا پێك دەهێن، کەچی ئەوەتا ئەندامبوونی ئەو حزبە، کە بە هەموو

پێوەرێك لە ئاستی هەموو تورکیا نوێنەرایەتی ژمارەیەکی زۆر کەمی دانیشتوان دەکات، لە کۆمیسۆنی پێداچوونەوەی دەستوری تورکیا جێگەی کرایەوە بۆ ئەوەی بەشداری چالاکانە لە هەموارکردنەوەی دەستوری تورکیادا بکات. پرسیار ئەوەیە ئایا دەسەلاتی کوردی وە زۆر بە تایبەتی پارتی ناتوانێ بە قەدەر دەسەلاتی رەسمی تورکیا بەرامبەر بە کێشە سیاسییەکانی کورد و ئۆپۆزیسیۆنەکەی دیمۆکرات بێت و بەشداری بە ئۆپۆزیسیۆن بکات لە پرۆسەی پێداچوونەوەی رەشنووسی دەستوری هەرێمی کوردستان؟ دەسەلاتدارانی تورکیاش سالانێکی زۆر بە لوتبەرزییەکی زۆرەوە و دوور لە روانگە سیاسی و مرۆیی ئێتنیکی و کۆمەلایەتیەکانی تورکیا هەلسوکەوتیان لەگەل کورددا کرد، بەلام دوایی بۆیان دەرکەوت کە هەمان ئەو لوتبەرزییە رێگر بووە لە بینینی راستی و روانگە راستەقینەکان!

جێگەی داخە کە سەرۆکی هەرێم بە روحێکی زۆر حزبییانەی تەسك و بە لەخۆباییبوونێکی زۆرەوە لە ٢٦ی ئام مانگە (٢٠١٣/٥/٢٦) تاکلایەنانە و بەبێ حسێبکردن حەتتا بگرە بۆ هاوپەیمانەکەی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بە لوتبەرزییەکی زۆرەوە جختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێ رەشنوسی دەستور بخرێتە راپرسییەوە.

**چاوی گەل: کێشەیەکی تری ئەمرۆی ناو حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و خەلك بە گشتی قسەکردنە لەسەر ئەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان دەیەوێت هەلبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە خەلکەوە بێت، بەلام ئوپۆزسوێن و فراکسوێنی هەرسێ حیزبە ئۆپۆزسوێنەکە دەیانەوێت لە پەرلەمانەوەبێت. ئەگەر هەلبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە لایەن خەلکەوە بێت یان لە لایەن پەرلەمانەوە بێت چ جیاوازییەکیی سیاسیی و یاسایی هەیە؟ بەرای بەرێزتان کامییان بۆ بە دیموکراسیزەکردنی کۆمەلگای کوردستان باشترەو و چۆن؟**

**بورهان یاسین:** بە باوەڕی من مەسەلەیێکی هەرە گرنگ ئەوەیە کە ئایا دەسەلاتەکانی سەرۆك چەندن وە چین، نەك بە زەروورەت شێوەی هەلبژاردنی. لە راستیدا ئەوەی لە کوردستان هەیە کێشەکە لەوەدا نیە ئایا سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمانەوە هەلبژێردراوە یا لە لایەن خەلك، واتە راستەوخۆ. بە مانایەکی تر کێشەکە لەوەدایە کە دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە هەشت سالی رابردوو وە بە پێی ئەو رەشنووسەی دەستورە کە هەیە، کە یەك لەسەر چواری ماددەکانی دەربارەی دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێمن، هەندێ بڕیاری داوە و بە کردار هەندێ

**نموونەی زۆر زیندووی پێگەو دەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆکی هەرێم، لە ڕۆشنایی ئەزموونی هەشت ساڵی ڕابردووی فەرمانڕەوایی مەسعود بارزانی وە مامەڵەی لەگەڵ جێگرەکەی، بە توندی تاکڕەوی سەرۆکی هەرێم دەردەخات.**

هەڵوێستی وەرگرتووە کە تەنها لە وڵاتە دیکتاتۆریەکاندا هەیە. هەر بۆ بەراوردێکی سەرپێی لە ئەمریکا سیستەم سەرۆکایەتیە و سەرۆکیش ڕاستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ کەچی سەرۆك بۆی نیە بەبێ قەبولکردنی کۆنگرێس سەفیرێکیش دەستنیشان بکات! جگە لەوە سەرۆکەکانی ئەمریکا هەتتا بگرە لەبەر هەندێك هەڵسوکەوت، بۆ نموونە پەیوەندی سێکسی لە دەرەوەی چوارچێوە عورف و یاسایەکانی بواری ڕێکخستنی خێزان، دەکرێ بخرێنە بەر بژاردەی دەستلەکار کێشانەوە. کەچی لە وڵاتی ئێمە ئەوەتا دواجار، تەنها بۆ نموونە، خەڵکی لە ڕێگای بەکاربردنی "دەرمانی هەڵەوە" بە کۆمەڵ چاویان لەدەست دەدەن و دووچاری مردن دەبنەوە، کەچی سەرۆکی هەرێم هەر باسیشی ناکات. بە مانایەکی تر سەرۆکێك بە دەسەڵاتێکی کەمیشەوە، گەر لە بنەڕەتدا ئاراستەی تاکڕەوی تیایدا باڵادەست بێت دەتوانێت وڵات بەرەو سیستەمی ستەمکاری و دکتاتۆریەت ببات. بەڵام سەرۆکێکی خاوەن دەسەڵاتی زۆر ئەگەر باوەڕی بە بنەماکانی دیمۆکراسی هەبێ ئەوا بە دەسەڵاتێکی زۆریشەوە وڵاتەکەی بەرەو دکتاتۆریەت نابات.

دەتوانین ئەوەی کە گوترا بە شێوەیەکی تر بە کورتی و بە چڕی بیڵێینەوە: بەو دەسەڵاتانەی کە لە ڕەشنووسی دەستوری هەرێم، ئەگەر چی سەرۆك لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، واتە بە هەمان دەسەڵاتەوە هیچ لە هیچ ناگۆڕێ. مەسەلە بنەڕەتییەکە دەسەڵاتەکانی سەرۆکن تا میکانیزمی هەڵبژاردنی!

با بە ڕاشکاوانەتر بڵێین نموونەی زۆر زیندووی پێگەو دەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆکی هەرێم، لە ڕۆشنایی ئەزموونی هەشت ساڵی ڕابردووی فەرمانڕەوایی مەسعود بارزانی وە مامەڵەی لەگەڵ جێگرەکەی، بە توندی تاکڕەوی سەرۆکی هەرێم دەردەخات. خەڵك دەتوانێ بپرسێ ئایا جێگەو پێگەو دەسەڵاتی ڕاستەقینەی جێگری سەرۆکی هەرێم (کۆسرەت ڕەسول) لەو هەموو ساڵانەدا چی بووە بە تایبەتی کاتی دیارنەمانی سەرۆکی هەرێم، هەندێك جار بۆ ماوەی کەم یا زۆر سێ هەفتە. ئەوەی ڕاستی بێت پێگەی ئەو جێگرە لە هەشت ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە پێگە فەرمیە کارتۆنیەکانی ڕژێمە دکتاتۆرەکان چووە تا لە سیستەمێکی سیاسی کە کەمترین ڕێز بۆ پێوەرە دیمۆکراتیەکان دادەنێ. لە هەشت ساڵی ڕابردوودا جێگری سەرۆکی هەرێم بە ڕادەیەك دەسەڵاتی کەم بووە هەتتا دەتوانی بڵێی ئەو جێگرە بێ دەسەڵات و بێ ئەدرەسێکی ڕەسمی بووە. لە ڕاستیدا وڵاتی ئێمە لە هەشت

ساڵی رابردوودا خاوەنی سەرۆکێك بووە کە تەنانەت دوای حەوت ساڵ، دوای ئەوەی کەوتۆتە شپرزەیی سیاسی، بۆ جاری یەکەم رازی دەبێت یەکێك لە چالاکیەکانی جێگرەکەی لە ماڵپەڕی رەسمی سەرۆکایەتی هەرێم بڵاوبکرێتەوە. ئەوەتا دوای ئەم هەشت ساڵە تازە بە تازە باس لەوە دەکرێ کە کۆسرەت رەسوڵ دەسەڵاتە ئیداری و داراوییەکانی زێدە بکرێ وە یەکینەیەکی سەربازی ئەو بخرێتە سەر وەزارەتی پێشمەرگە! دەشکرێ مرۆڤ بپرسێ ئایا لە پێداگری و بڕیار لەوەی کە رەشنووسی دەستور بخرێتە راپرسییەوە سەرۆکی هەرێم چەندە بەهای بۆ جێگرەکەی داناوە، پرسی پێ کردوە وە ئەگەر لە هەر دوو حاڵەتدا نا، ئایا کۆسرەت رەسوڵ تەنانەت ژمارەیەکی بێچارە و بێدەسەلات نیە لە سێبەری سەرۆکێکی تاکڕەودا!

بە پێچەوانەی بۆچوونی دەسەڵات، زۆر بە تایبەتیش بۆچونی پارتی، بۆ ئەمڕۆی کوردستان سیستەمی پەرلەمانی سیستەمی هەرە گونجاوە. چونکە لە رێگای دەسەڵاتی پەرلەمانەوە دەکرێ بە باشترین شێوە رێگە لە هاتنەکایەی سیستەمی تاکڕەوی و دکتاتۆری بگیرێ وە هەر لە رێگەی ئەم سیستەمەشەوە خەڵکی کوردستان دەتوانێ بە باشترین شێوە بەشداری لە بڕیاری سیاسیدا بکات. بە تایبەتی گرنگی ئەو سیستەمە وە دەسەڵات و ئیرادەی خەڵك تیایدا لە بڕیارە چارەنوسساز و ستراتیژیەکاندا زۆر گرنگە. هەر وەك نموونە مرۆڤ دەتوانێ بپرسێ ئایا لە دوو قەیران و تەنگەژەی ساڵی دواییدا، یەکێکیان دەربارەی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە و ئەوەی تریشیان دەربارەی پارەی کۆمپانیا نەوتیەکان، هەرچەندە پەرلەمانی کوردستان ئیرادە و قسەی خۆی لەو دوو قەیرانەدا هەبوو. ئەم دوو قەیرانە، بە تایبەتی یەکەمیان، کوردستانیان پاڵدا بۆ لێواری شەڕ. لەوەش زیاتر ململانێی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ بەغدا زیاتر دەربڕی میزاجی خۆی و حیزبەکەیەتی و بەرژەوەندییەکانیان بوو تا بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستان. بەهانەیەکی تری گرنگ بۆ سیستەمی پەرلەمانی ئەوەیە کە وڵاتی ئێمە ساڵانێکە دووچاری پەرتەوازەیی ئیداری و سیاسی بۆتەوە وە لە رێگای پەرلەمانێکی خاوەن دەسەڵاتێکی راستەقینەوە دەتوانرێ پانتایی سیاسی لە رێگەی سازانی نیشتمانی و بڕیاری بە کۆمەڵ بە باشترین شێوە رێکبخرێ، رێکخستنێك کە دەربڕی ئیرادەی گەلە لە رێگای پەرلەمانەکەیەوە. لەوەش زیاتر، وڵاتێك کە هێشتان نەبۆتە خاوەنی کولتوری سیاسی دیمۆکراسی و بنەماکانی دەوڵەتی یاسا و بەهاکانی هاونیشتمانیبوون وە تیایدا هێشتان کۆمەڵگەی مەدەنی رەگ و ریشەی دانەکوتیوە، باشتر وایە بژاردەی سیستەمێکی پەرلەمانی هەڵبژێرێ. بە هەر حاڵ دوپاتی دەکەمەوە کە تەنها چەند رۆژێك بەر لە ئێستا (لە ٢٦/٥) سەرۆکی هەرێم بە راشکاوی ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە سەرۆکێکی تاکڕەوە و جێگەی خۆشیەتی خەڵکی کوردستان بە مەترسیەوە لە ئاراساتە و خواستە سیاسییەکانی ئەو

سەرکردەیە بڕوانێ. مەترسیەکەش لەوەدایە: ١) دەستور خستنە راپرسیەوە مافی یاسایی پەرلەمانە؛ ٢) خستنە رووی ئەم داخوازییە لە بۆنەیەکی تەواو حیزبیدا؛ ٣) بە پێچەوانەی ئیرادە و خواستی هێزە سیاسییەکانی خاوەن پیگە لە پەرلەمانی کوردستاندا، بە هاوپەیمانەکەی پارتیشەوە (واتە یەکێتی)، بارزانی تاکرەوانە پێداگری لەسەر نەگەڕانەوەی رەشنووسی دەستور بۆ پەرلەمان دەکات.

**چاوی گەل: زۆرێك لە چاودێرە سیاسییەکان پێیانوایە کە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم و ئەنجومەنی شارەکانی کوردستان لە ٢٠١٣ دا بۆ چوار ساڵی ئایندە چارەنوسسازە؟ ئایە ئەوە وایە بە خوێندنەوەی بەڕێزتان؟ ئەگەر وایە چۆن و لە چییدایە ئەو چارەنووسسازییە؟ ئایا بەشێك لەو چارنووسسازییە پێوەندی بە گۆرانکارییەکانی ناوچەکەوە هەیە؟**

**بورهان یاسین:** لە کۆتایی پرسیارەکەتانەوە دەستپێدەکەم. لە راستیدا زۆر بەر لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، واتە هەر زوو، ئەو گۆڕانکاریانەی کە وڵاتانی عەرەبی تەنیوەتەوە بە زیاتر لە شێوەیەك و هۆکارێك کاریگەری، راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی، خستۆتە سەر باشووری کوردستان. کۆمەڵێك نموونەی بەرچاومان هەن لەو کاریگەریە وە دیارترینیان بزاقی شەقام (لە فیبرووەری ٢٠١١)ەیە وە زۆر شتی تریش. ئەوەی ئێستا لە ناوچەکەدا دەگوزەرێ دیسانەوە لە دوو رووەوە کاریگەری بەردەوامی هەیە بەسەر راگوزەری سیاسی لە کوردستان بە هەردوو رەهەندەوە، واتە رەهەندی دەسەڵات و رەهەندی ئۆپۆزیسیۆنەوە. لە رەهەندی دەسەڵاتەوە ئەو باوەڕە دروست بووە کە ئیتر ئەو حاڵەتی داخران و بە تەنیا  و بە دابڕاوی مانەوەی دەنگی نارازی لە کوردستان کۆتایی هات وە ئەو دەنگە نارازیە جگە لە هێز و توانای خۆی هێز و پشتگیری مەعنەوی لەو جۆشوخرۆشە وەردەگرێ کە بەشێکی زۆری وڵاتانی عەرەبی گرتۆتەوە؛ لە رەهەندی ئۆپۆزیسیۆنەوە هەر زوو ئەوە ئاشکرا بوو کە ئیتر پەیوەستبوونی کوردستان بەو جۆشوخرۆشە و کاریگەری ئەو بزاقە جەماوەریە هەڵتەکێنەرە ئیتر گڕوتینێکی زیاتر دەدات بە ئۆپۆزیسیۆن. هەر بەو مانایەش، یا دەتوانین بڵێین هەر لەبەر ئەو هۆیەش، گوتاری هێزەکانی ئۆپۆزیسۆن بەردەوام ئاماژەکانی روو لە بەهاری عەرەبی دووپاتکردۆتەوە و هەرنەبێ لە رووی سایکۆلۆژییەوە بۆ بەهێزکردنی خۆی بەرامبەر بە دەسەڵات سوودی لێوەرگرتووە.

بە هەر حاڵ با بگەڕیمەوە بەشی یەکەمی پرسیارەکەت: بەڵێ هەڵبژاردنی داهاتوو جیاواز دەبێ لە هەڵبژاردنەکانی پێش هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ وە دەکرێ هەتتا بگرە لە

هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ش. لە لایەکی ترەوە جێگەی خۆیەتی ئەو راستییە بڵێین کە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ یەکجار گرنگ و جیاواز بوون بە رادەیەك کە من هەر ئەو کاتە لە وتارێکمدا وەکوو ئەرزهەژێکی سیاسی گوزارشم لە هەڵبژاەردنەکانی ٢٠٠٩ کرد. لە راستیدا هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ بە تەواوەتی رووی سیاسی ئەزموونی کوردستانی لە بنەڕەتدا گۆڕی لە ئەزمونێکی چەقبەستوو و نادینامیکی و بگرە گەنکردوو بۆ ئەزمونێك کە دوای ئەو مێژووە هەست دەکەیت ژیانێکی نوێ وەبەر ئەزمونەکە کەوتووە. بە مانایەکی تر لەم هەڵبژاردنەدا ئەو جیاوازییانەی کە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ کەوتنەوە لە هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەدا فراوانتر و قوڵتر دەبنەوە.

**بۆ یەکەم جار دەرفەتێکی جددی لەبەردەم ئۆپۆزیسیۆن هەیە کە کاندیدی خۆی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم هەبێ. بە باوەڕی خۆم ئەگەری زۆر بەهێزیش هەیە کە ئەو کاندیدە براوە بێت. گەر ئۆپۆزیسیۆن بە وردەکاری و شارەزاییەکی سیاسییەوە دەست بۆ ئەو بژاردەیە بەرێت.**

بە باوەڕی خۆم یەکێك لە جیاوازییەکانی ئەم هەڵبژاردنە ئەوەیە کە دەرفەتێکی جددی هەیە کە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن ئەوەندە دەنگ بهێنن کە بتوانن دەسەڵات، واتە حکومەت بگرنە دەست. هەڵبەتە یەکێکیش لە جیاوازییەکان ئەوەیە کە یەکێتی تا ئێستاش هەر لە سەر ئەو ئاراستەیە بەردەوامە کە بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکات. ئەوەش مانای وایە کە جگە لەوەی ئەگەری ئەوە کراوە دەبێت کە یەکێتی بژاردەی دروستکردنی حکومەت لەگەڵ هەندێك لایەنی تر هەڵبژێرێ نەك لەگەڵ پارتی، بەڵام گرنگیەکی تریش لەوەدایە کە بە ئەگەری زۆر ئەو بە جیا دابەزینەی یەکێتی دەرفەتی تەزویر و فرتوفێڵ لە هەڵبژاردنەکاندا لە لایەن پارتیەوە بە رادەی زۆر کەم بکاتەوە. گرنگی ئەو خاڵەش لەوەدایە کە تا ئێستا شتێك کە پارتی لە هەڵبژاردنەکاندا پشتی پێبەستبێت تەزویر بووە!

لایەنێکی تری جیاوازی ئەوەیە کە بۆ یەکەم جار دەرفەتێکی جددی لەبەردەم ئۆپۆزیسیۆن هەیە کە کاندیدی خۆی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم هەبێ. بە باوەڕی خۆم ئەگەری زۆر بەهێزیش هەیە کە ئەو کاندیدە براوە بێت، گەر ئۆپۆزیسیۆن بە وردەکاری و شارەزاییەکی سیاسییەوە دەست بۆ ئەو بژاردەیە بەرێت. بەهانەیەکی زۆر گرنگ بۆ ئۆپۆزیسیۆن کە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بژاردەی هەبێ ئەوەیە کە گەر ئۆپۆزیسیۆن بۆی نەکرا لە رێگەی پەرلەمانەوە سیستەم لە سەرۆکایەتی بۆ پەرلەمانی بگۆڕێ،

ئەوا بێگومان لە حاڵەتی بە دەستهێنانی پێگەی سەرۆکایەتی هەرێم بە ئاسانتر دەتوانێ کار بۆ ئەو ئامانجە بکات و ئەو پێگەیە بخاتە خزمەت بەهێزکردنی سیستەمی پەرلەمانی لە بڕی سیستەمی سەرۆکایەتی.

جیاوازییەکی تری یەکجار گرنگ ئەوەیە کە پارتی بە ئاسانی ناتوانێ دەست بۆ سیناریۆی پشێوی و نانەوەی شەڕ و ئاژاوە ببا. ئەوە بە مانای ئەوە نایەت کە پارتی دواجار ئەو سیناریۆیەی دانەناوەتە بەردەم خۆی وەك یەکێك لە بژاردەکان، بەڵام ئەوەی ئەم جارە جیاوازە ئەوەیە کە نە هۆکارە ناوخۆییەکان و نە ئەقلیمییەکان و نەش نێونەتەوەییەکان زۆر یارمەتیدەر نین بۆ پیادەکردنی ئەم بژاردەیە. بەم مانایەش هەتتا بگرە لە حاڵەتی دۆڕانیشدا، پارتی ئەو ئامراز و دەرفەتە زۆرانەی لەبەردەست نییە کە دەست بۆ سیناریۆی پشێوی ببات. لە لایەکی تریشەوە گرنگە بۆ ئۆپۆزیسیۆن کە خۆی لەو دڵەڕاوکێ و وەهمە نەجات بدات کە بەڵێ پارتی بە ئاسانی دەتوانێت دەست بۆ سیناریۆی پشێوی ببات، هەر کاتێك بخوازێت.

بە باوەڕی خۆم هەنگاوێکی گرنگ بۆ ئۆپۆزیسیۆن هەر ئێستا ئەوەیە کە لایەنە ئیقلیمی و نێونەتەوەییەکان، بە تایبەتی تورکیا و ئەمریکا، ئاگادار بکاتەوە کە زەرەرمەندی یەکەم ئەوان دەبن لە هەر پشێویەك کە لە کوردستان رووبدات: بۆ سەرخستنی پڕۆژە ئابورییەکانی لە باشووری کوردستان و سوودوەرگرتن لێیان، تورکیا پێویستی بە هێمنی هەیە لەو هەرێمە. بە پێچەوانەشەوە هەر پشێویەك دەکرێ بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەو وڵاتە بخاتە مەترسییەوە وە زیانی پێبگەیێنێ تا رادەی ملیارەها دۆلار. . . لە ئاستی نێونەتەوەییەوە، ئەمریکا نەك هەر سوودی بەرناکەوێ لە پشێوی لە کوردستان بەڵکو بەرژەوەندییەکانی دەها زێتر دەکەونە مەترسییەوە بە هۆی پشێوییەکی لەو جۆرە.

گرنگی تایبەتی ئەو خاڵەی سەرەوە لەوەدایە کە ئیتر پارتی پەراوێزی خۆدزینەوەی لە دەرهاوێشتەکانی هەڵبژاردن کەمتر دەبێتەوە و ئۆپۆزیسیۆنیش بە دڵەڕاوکێی کەمترەوە و بە باوەڕبەخۆبوونی زیاترەوە بەرەو هەڵبژاردنەکان دەڕوا.

**چاوی گەل:** کاتی خۆی بڕیار وابوو لە 25/ 7 / 2009 دا، لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان وسەرۆکایەتی هەرێم دا، راپرسیش لەسەر دەستوری هەرێم بکرێت. بەڵام کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند کە لە توانایيدا نییە ئەو راپرسییە ئەنجامبدات. بۆیە بە یاسای ژمارە 10 ی ساڵی 2009 کاتی ڕاپرسیەکە خراوەتە رۆژێکی نادیار. بە ڕای بەرێزتان بۆچیی دوای ئەو هەموو کاتە دوور و درێژە ئێستا لەم کاتەدا کە چەند مانگێکی ماوە بۆ هەڵبژاردنەکان پارتی هێندە سورە لەسەر راپرسیی دەستور؟ ئەگەر ئەو دواخستنە وەك سیناورێیەکی سیاسیی لە لایەن پارتییەوە ئەنجامدرابێت! ئەی هەرسێ حیزبی ئۆپۆزسوێن کەمتەرخەمنیین لەوەی لەو ماوە دوور و درێژەدا نەیانتوانیوە پێدابگرن لەسەر گەرانەوەی دەستور بۆ ناو پەرلەمان؟ لە کاتێکدا بە گوێرەی برگەی 2ی ماددەی یەکەمی هەمان یاسا (یاسای ژمارە 10ی دواخستنی ڕاپرسییەکەی دەستور) دیاریکردنی رۆژی ڕاپرسی لە دەسەڵاتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمدایە.

**بورهان یاسین:** جارێ بەشێك لە پرسیارەکە پێویستی بە هەندێ رۆشنایی تر هەیە، ئەویش ئەوەیە کە راستییەکەی هۆی سەرەکی کە رەشنووسی دەستور نەخرایە راپرسیەوە، جگە لەوەی نارِازیبوونی ناوخۆیی هەبوو لێی، زێتر لە ئاکامی فشاری عیراق وە بە تایبەتی کەسی سەرۆکوەزیرانی عیراق (مالیکی) بوو کە توانی پشتگیری ئەمریکاش بەدەستبهێنێ کە نابێ کوردستان ببێ بە خاوەن دەستوری خۆی. لە راستیدا ئەو کاتە دەسەڵاتدارانی هەرێم ئەو راستییەیان لە خەڵکی کوردستان شاردەوە، لەبەر هۆیەکی سادە ئەویش ئەوەیە کە تەسلیمبوون بەو فشارە لە دیدی خەڵکەوە بە شکست بۆ ئەو دەسەڵاتە لەقەڵەم دەدرا.

ئەوەی پەیوەندی بە بەشی دوایی پرسیارەکەوە هەیە ئەوەیە کە ئەمرِۆ باوەرِێکی گشتی دروست بووە کە پەلەکردن لە مەسەلەی خستنە راپرسی دەستور هەرنەبێ سێ رەهەندی گرنگ لەخۆ دەگرێ: ۱) بۆ ئەوەی مەسعود بارزانی بتوانێ نەك هەر بۆ جاری سێهەم بەڵکوو بۆ هەشت ساڵی تریش (واتە بۆ دوو خولی تریش) هەر سەرۆکی هەرێم بێت، دوای ئەوەی کە هەوڵەکانی درێژکردنەوەی دەسەڵات و بە رێگای یاسایی مافی خۆکاندیدکردنی بەدەست نەهات؛ ۲) پارتی و بارزانی ترسی جدییان هەیە لەوەی کە هەر رۆژێك بروات ئەوا بە ئەگەری زۆر رۆژێك لە گۆرِینی سیستەمی سیاسی لە سەرۆکایەتی بۆ پەرلەمانی نزیك دەبینەوە، لەبەر هۆیەکی زۆر سادە ئەویش بە زێدەبوونی بەردەوامی ئەو داواکارییەیە وە ئەوەی تریشیان ئەگەری دۆرِاندنی بە تەواوەتی پارتیە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا؛ ۳) مانەوەی بارزانی لە پێگەی سەرۆکایەتی هەرێم بەو هەموو دەسەڵاتەی کە لە رەشنووسی دەستوردا هەیە لە قەوارە و کاریگەری نەرێنی دۆرِانی پارتی لە هەڵبژاردنی

پەرلەماندا کەمدەکاتەوە وە دەرفەتێکی جدیش دەدات بەو حزبە کە لە رێگەی پاراستنی خۆی لە پێگەی سەرۆکایەتی هەرێم هەرنەبێ دەتوانێ بەشێك لەو پێگە سیاسییەی کە ئەمرۆ هەیەتی بپارێزێ. ناکرێ تەسەوور بکرێ کە پارتی، هەڵبەتە لە دید و جیهانبینی ئەو حزبە خۆیەوە، لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا هەردوو پێگەی سەرۆکی هەرێم و زۆرینەی پەرلەمانی لەدەست بدات!

**چاوی گەل: دوای ٢٣ ساڵ لە ڕاپەڕینیی خەڵکی کوردستان و ١٠ ساڵیش دوای ڕوخانی ڕژێمی فاشیی بەغداو سەدام حسەین دیموکراسیەت و ئازادییەکان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

**بورهان یاسین:** بێگومان وەلامی ئەم پرسیارە کات و مەودایەکی زۆرتری پێویستە بۆ وەلامدانەوەی. بەلام ئەوەی لێرەدا دەکرێ ئەوەیە کە بە چەند خاڵێکی کورت هەندێ ئاماژە بدەین کە وروژاندنیان گرنگی تایبەتی هەیە: ١) ئەزموونی کوردی لەو ماوە زۆرەدا ئەوەی دەرخست کە ئەو ئەزموونە ناڕاستی و ناڕاستگۆیی بەشێکی یەکجار زۆری ئەو بەرپرسانەی دەرخست کە گوایە لە خەباتی شاخیاندا ئەوپەڕی رزگاریخواز و دیموکراتخواز بوون وە هەڵگری خەونی بەدەستهێنانی دەسەلاتی نیشتمانی بوون. لە ڕاستیدا بەشێکی یەکجار زۆری چیرۆکی ئەو ٢٣ ساڵە پێچەوانەی ئەو دروشم و بانگاشانە بووە: هەر لە شەڕی خۆکوژی و یەکترکوژی و نەتەوەکوژی تا دەگاتە تیرۆری سەردەشت و سۆرانی مامە حەمە و زۆرانێکی تر. هەڵسوکەوتی دەسەلاتی کوردی بە شێوەیەکی جدی پرسیارێکی بە جدی هێنایە پێشەوە ئەویش ئەوەیە کە ئایا گەر کەسانێك لە شاخ بۆ ئازادی ئەو خەڵکە خەباتیان کردبێ، چۆن دەکرێ لە کاتی بەدەستهێنانی دەسەلاتدا هەمان ئەو کەسە "ئازادیخوازەی" دوێنێی شاخ بە تیرۆر و ترساندن و تۆقاندن تەنگ بە ئازادیخوازان هەڵبچنێ؟ ئەگەر ئەمانە لە حزبە جیاکاندا لە شاخ بۆ هەمان ئامانج خەباتیان کردبێ، چۆن دەکرێ دوای بەدەستهێنانی دەسەلات بە رق و قینەیەکی بێهاوتاوە یەکتر بکوژن؟ ئەم پرسیارانەو زۆر پرسیاری تریش نەك هەر نیشانەی پرسیار و گومان دەخاتە سەر شانازییەکانی ئەو دەسەلاتدارانە، بەڵکو بە تەواوەتی ئەو شانازیانەیان لێدەسێنێتەوە...؛ ٢) لە لایەکی ترەوە ئەو ٢٣ ساڵە بوارێك بوو کە ئاراستەیەك لە میدیای چالاك، کەم یا زۆر، لە دەرەوەی هەیمەنەی دەسەلاتی پارتە بالادەستەکان (یا تۆ بڵێ دژ بەو هەیمەنەیە) سەرهەڵبدات کە دواجار رۆلی خۆیشی بینێ لە وشیارکردنەوەی خەڵك و رێگە خۆشکردن بۆ سەرهەڵدانی دەنگێکی ئازا و ئازادتر لە دەرەوەی بازنەی دەسەلات و یارمەتیدەریش بوو لە سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا؛ ٣) بە باوەڕی خۆم شتێکی یەکجار گرنگ کە لەو هەموو

ماوەیەدا روویدا سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا بوو وە لەم ئۆپۆزیسیۆنبوونەشدا دەخوازم تەنها دوو شت جختبکەمەوە کە بە بۆچوونی خۆم یەکجار گرنگن: ١) ئۆپۆزیسیۆن، بە تایبەتی بزاڤی گۆڕان، ئەوەی سەلماند کە خەباتی مەدەنی نەك هەر مومکینە، بەڵکو خەباتێکی ئەوپەڕی شایستە و کاریگەر و بگرە گونجاوترینیشیانە بۆ گەشەکردن و پێشخستنی کۆمەڵگای مرۆیی، بە تایبەتی کاتێك قسە دێتە سەر ئافراندنی کۆمەڵگای یاسا و یەکتر قەبووڵکردن و سیستەمی فەرمانڕەوایی دیموکراسی؛ ٢) لایەنێکی هەرە گەشی ئۆپۆزیسیۆن دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ ئەوەبوو کە هاوکاری نێوان جەمسەرەکانی ئۆپۆزیسیۆن وەهمی دوژمنایەتی نێوان علمانیەت و ئیسلامی سیاسی تا رادەیەکی باش پوچەڵکردەوە. بە باوەڕی من هاوکاری نێوان ئەم دوو جەمسەرەی ئۆپۆزیسیۆن نابێ تەنها لە ئاستی تاکتیکی سیاسیدا قەتیسبکرێ، بەڵکو یەکجار گرنگە ئەو هاوکارییە بە بنەما وەربگیرێ بۆ ستراتیژێکی درێژخایەن. ئەم ستراتیژە دوو بەهای یەکجار گرنگی هەن: یەکەمیان کوردستانیبوونی هەموان، بە مانا و لەسەر بنەمای نیشتمانیبوون، وە لەسەر ئەو بنچینەیەش هەموان خاوەنی ئەو پانتاییەن کە پێی دەوترێ پانتایی یا فەزای نەتەوە (نیشتمان) وە دووهەمیشیان بەهای دیموکراتیبوونە، بەو مانایەی کە هەموو تاکێك لەسەر بنچینەیەکی سادە (یەك تاکەکەس یەك دەنگ) مافی بەشداری و کاریگەری لە خەملاندنی فەزای سیاسی کۆمەڵگادا هەیە، جا ئەو تاکە هەڵگری هەر بیروبۆچوونێکی ئایدیۆلۆژی یا سیاسی بێت.

**ئۆپۆزیسیۆن، بە تایبەتی بزاڤی گۆڕان، ئەوەی سەلماند کە خەباتی مەدەنی نەک هەر مومکینە، بەڵکو خەباتێکی ئەوپەڕی شایستە و کاریگەر و بگرە گونجاوترینیشیانە بۆ گەشەکردن و پێشخستنی کۆمەڵگای مرۆیی، بە تایبەتی کاتێک قسە دێتە سەر ئافراندنی کۆمەڵگای یاسا و یەکتر قەبووڵکردن و سیستەمی فەرمانڕەوایی دیموکراسی.**

چاوی گەل: ئەو کرانەوە سیاسییەی حکومەتی تورکیا بە ڕووی گەلی کوردا چۆن هەڵدەسەنگێنییت؟ پێتوانییە ئەمڕۆ کورد بە قۆناغێکی زۆر ناسك و هەستیاریی وادا تێدەپەڕێت کە ئەگەر بە عەقڵانیی و دووربینیی و بیرکردنەوەیەکی ستراتیژییانە کاری بۆ بکرێت لە لایەن سیاسییەکانی کوردەوە بە گشتیی لە هەر چوارپارچەکەی کوردستاندا کورد دەگەیەنێتە ئەو قۆناغە بالآییەی کە ١٠٠ ساڵ زیاترە خەونی پێوەدەبینێت؟ ئەگەر وایە بە ڕای بەڕێزت کورد لە ئاستی ئەم ڕووداوە سیاسیانەدایە؟ سیاسییە دەسەڵاتدار و حیزبییەکانی کورد دەتوانن بە ڕووسوری مێژوویەك بۆ خۆیان و گەلی کورد بە گشتیی تۆماربکەن؟ سیاسیی و حیزبەکانی

**گەلی کورد چییبکەن باشە لەم رۆژەدا بۆ ئەوەی ئەو قۆناغە لە دەستنەچێت و خەونە نەتەوەیی و مرۆییەکانی گەلی کورد بێتە دی؟**

**بورهان یاسین:** بە باوەڕی خۆم ئەو پرسیارە یەکجار گرنگە وە کۆمەڵێك تەوەری زۆر هەستیار و گرنگ لەخۆ دەگرێ کە ئەستەمە بە یەك وەڵام یا هەتتا دیمانەیەکی تایبەتیشدا وەڵامی پڕ بە پێستی بدرێتەوە.

جارێ سەرەتا من وای بۆ دەچم کە خەریکە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش سێ دانە پێشوەچوون، پێشوەچوونەکانی تورکیا و باکوری کوردستان بە ئاراستەی کرانەوەی سیاسی روو بە مەسەلەی کورد، پێشوەچوونی پەیوەندییەکانی باشوری کوردستان و تورکیا وە هەروەها پێشوەچوونەکانی خۆرئاوای کوردستان هەموویان بە یەکەوە خەریکە دەرفەتێکی بێهاوتا لە سەد ساڵی رابردوودا بۆ کورد بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشی کە لە ناو هەناوی ئەم دەرفەتەدا ترس و گومانێکی زۆریش لە پاشەکشێ هەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە، هەر وەك خۆت لە پرسیارەکەدا جختی لەسەر دەکەیتەوە، بۆ کورد بوارێکی سیاسەتکردن رەخساوە کە هیچ کات پێش ئێستا بەدینەکراوە. لەم دەرفەتە مێژووییەدا دوو شت یەکجار گرنگن: یەکەمیان لە لایەنی تورکیاوە، پێویستە دەسەڵاتدارانی تورك بە عەقڵێکی کراوە و گونجاو لەگەڵ خەونەکانی تورکیادا، کە بۆ نموونە ئامانجێکی ئە وڵاتە ئەوەیە کە بۆ، کەم یا زۆر، دەساڵی تر ئەو وڵاتە ببێتە هێزی ئابووری هەشتەم لە جیهاندا. تورکیا دەبێ ئەوە بزانێ کە لە ستراتیژە نوێکەیدا کە دامەزراوە لەسەر بیرۆکەی "ئاستی سفر لە کێشە" لەگەڵ دەورووبەر وە هەروەها هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکو بازاڕێکی گەورە و دەرفەت بەخش، پێویستی بە کۆمەڵێ شت هەیە کە یەکێکیان ئاشتی و ئارامیە لە لایەك وە ئەوی تریشیان، هەر گرێدراو بە مەسەلەی ئاشتییەوە، چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا و پەیوەندی باشترە لە گەڵ باشور و خۆرئاوای کوردستان. تورکیا ئەمرۆ یەکێکە لەو وڵاتانەی کە هەرە تینووی سەرچاوەی وزەیە (تۆ بڵێ نەوت و گاز) وە باشوری کوردستان دەتوانێ لەم رووەوە زۆر یارمەتیدەر بێت. دواجار بەرابەرکردنی ئەم پێداویستیە لەلایەن باشوری کوردستانەوە دەکرێ ببێتە هۆی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەو بەشەی کوردستان: تا دوێنێیەکی نزیك سەرچاوەی مەترسی و نائارامی بکرێ بە سەرچاوەی ئارامی و یارمەتیدەر لە بەدەستهێنانی خەونەکانی.

بە باوەڕی خۆم ئەوەی کە پێویستە بگوترێ ئەوەیە کە یاریەکی ستراتیژی و گەورە و چارەنووسساز بەر دەرگای کوردی (لە سێ پارچەی کوردستان) گرتووە وە کارکردن لەو ئاستە ستراتیژییەدا پێویستی بە عەقڵانییەتێکی سیاسی زۆر هەیە، کە لە پێش

هەموویانەوە رزگاربوون لە قورسایی مێژوو و کارکردن لەگەڵ هەنوکە بە عەقڵێکی کراوەتر. بە بۆچوونی خۆم ئەوەی گرنگە بگوترێ و بکرێ: ١) دەبێ لایەنی کوردی بە قەدەر گەورەیی یارییەکە تێگەیشتنێکی گەورە گەڵاڵە بکات وە بەو مانایەش خۆی لە دوو شێوەی بچووککردنەوە دوور بخاتەوە، یەکێکیان بچووکردنەوە بۆ ئاستی هەر بەشێکی کوردستان و بە دابڕاوی بینینی شتەکان و مامەڵەکردن لەگەڵیان، دووەمیشیان بچووککردنەوەی لەسەر بنەمای بە حزبیکردنی شتەکان؛ ٢) زۆر گرنگە پێک مەسەلەکان لە ئازادکردن و ڕۆڵی سیاسی عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا کورت نەکاتەوە و سنووورداری نەکات وە ئەوەش باش بزانێ کە جگە لە دەسەڵاتی ڕەسمی تورکیا (حکومەت و پەرلەمان و...) دەسەڵاتێکی تری شاردراوە (مافیاکان و نەتەوەپەرستەکانی توندڕەو و بەشێک لە میت و هێزی لەشکر و...) هەیە کە هەرگیز بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ئاشتیدا نیە. نەک هەر ئەوە بەڵکو بگرە ئەو دەسەڵاتە شاردراوە (ناسراو بە دەوڵەتی قوڵ) گوزەرانی لەگەڵ شەڕ و شۆڕ و بەبێ چارەسەری مانەوەی کێشەی کورددایە وە بە تایبەتیش بەردەوامی و درێژەدانی شەڕ لە کوردستان. لەبەر ئەوەش بە باوەڕی من شەڕێکی نەبینراو ئەمڕۆ لە نێوانی دەوڵەتی ڕەسمی تورکیا لە لایەک وە دەسەلاتی شاردراوەی تورکیایە کە کامیان دەتوانێ کلیل و چارەنووسی کێشەی کوردی لەدەستدا بێت، دەوڵەتی ڕەسمی یا دەوڵەتی شاردراوە. هەر لەبەر ئەوەش جێگەی خۆیەتی لایەنی کوردی بە گومانی زۆرەوە بڕوانێتە ئەو گفتوگۆیانەی بە داخراوی لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا دەکرێن، چونکە بە باوەڕی خۆم نەک هەر دەوڵەتی ڕەسمی لەو گفتوگۆیانەدا ڕۆڵی هەیە بەڵکو دەوڵەتی شاردراوەش بە شێوەیەک یا شێوەیەکی تر ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ...؛ ٣) پەیوەندییەکانی باشووری کوردستان لەگەڵ تورکیا دژایەتییەکی ترسناک لەخۆ دەگرن: لە لاییێکەوە ئەم پەیوەندییانە دەکرێ هەڵگری ئاستێکی ستراتیژی زۆر ئەرێنی بن کە لەوانەیە لە پرۆسەی گەشەکردنیاندا هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عیراقی لێبکەوێتەوە، بەڵام لایەنەکی تری، کە مەترسیدارە، ئەوەیە کە حیزبێکی سیاسی، یا بە روونتر بڵێین پارتی، لەسەر چارەنووسی ئەو پەیوەندییانە دانیشتووە و خستوویەتیە خزمەت خۆی وە خواستی ئەوەی نیە ئەو ڕاستییە ببینێ کە ئەگەر ئەو پەیوەندییانە نەخرانە قاڵبی نەتەوەیی و بچوککرانەوە و لە بەرژەوەندی حیزبێک و بنەماڵەیەک بەکاربران، ئەوا ئەگەری کاریسە بۆ کورد کراوەیە. ئەوەی لەو بارەیەوە لەسەر ئۆپۆزیسیۆن پێویستە بیکات ئەوەیە کە کۆمەڵێک هێمای جدی بدات بە دەوڵەتی تورکیا کە گرنگترینیان ئەوانەن: ١) بەرژەوەندیەکانی تورکیا لەگەڵ باشوری کوردستان لە ئاستە هەرە ستراتیژییەکەیدا بە باشترین شێوە پارێزراو دەبن ئەگەر هاتو ئەو پەیوەندیانە درێژخایەن بن و لەسەر بنچینەی مامەڵە لەگەڵ تەواوی پانتایی سیاسی لە باشوری کوردستان دامەزرێ تا بەشێکی سنووردار لەو پانتاییە، واتە تەنها لەگەڵ

پارتی؛ ٢) ئەگەر تورکیا دەخوازێ کورد هەمووی هۆکارێکی ئەرێنی بێت بۆ پەڕینەوەی ئەو وڵاتە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوا پێش هەموو کەس و لایەنێك لە بەرژەوەندی تورکیایە کە بۆ مێتۆدێك و شێوەیەکی کارکردن بگەڕێ کە ئەو پارچانە بەیەکەوە بخوێنێتەوە و مامەڵەیان لەتەکدا بکات ئەگەرنا پارچەپارچەکردنی کورد دەبێتە پڕکێشەبوونی ئەو پردەی کە تورکیا پێویستیەتی کە بە سەلامەتی بەسەریدا تێپەڕێ بۆ رۆژهەلاتی ناوەڕاست.

www.burhanyassin.com